# ژنان گلەیی لە پیاوان دەکەن لەپێشکەش نەکردنی دیاری

**دیاری واتە بەخشینی شتێك بۆ دوپاتکردنەوەی خۆشەویستی بۆ بەرامبەرەکەت یان دروستکردنی پردێکی پێوەندی لە نێوان دووکەس مەرج نییە دیاری پێویست بێت پارەی زۆری تێبچێت، گرنگ ئەوەیە ببێتە هۆی دروست بوونی رووحی خۆشەویستی بەتایبەت لە نێوان هاوسەران.**



### تائێستا هاوسەرەکەم دیاری پێشکەش نەکردووم

کەژاڵ ئەحمەد ژنی ماڵەوەیە و تەمەنی ٥٠ ساڵە، ماوەی ٣٠ ساڵە ژیانی هاوسەرگیری پێك هێناوە تا ئێستا هاوسەرەکەی دیاری پێشکەش نەکردووە و دەڵێت «بیرم نایەت هاوسەرکەم دیارییەکی بۆم هێنابێت، کەچی من دووجار دیاریم بۆ بردووە و جارێك بۆیانباخم بۆ کڕی، جاری دووەمیش تیشێرتێکی بەدڵی خۆم بۆ برد، بەڵام ئەو بەهیچ شێوەیەك گرنگی بەو بابەتانە نادا، کە دیاریشم بۆ دەبرد بەردەوام بەساردی وەڵامی دەدامەوە و بەلایەوە ئاسایی بوو خۆشحاڵی خۆی دەرنەدەبڕی».

کەژاڵ وتیشی «ئێستا منیش لە بردنی دیاری بۆ ئەو بە پێویست نازانم، چونکە لە تەمەنی گەنجی گۆڕینەوەی دیاری لای ئێمە مانایەکی نەبووە تازە بەو تەمەنە پیرییە هەر هیچ مانای نییە».

لانە رەشید پێنج ساڵە شووی کردووە، پێوایە گۆڕینەوەی دیاری لەناو ژیانی هاوسەرگیری زۆر گرنگە، بەڵام ئەو لەگەڵ مێردەکەی تەنیا بەهۆی بۆنەیەك دیاری دەگۆڕنەوە بەتایبەت لە کاتی جەژنی هاوسەرگیری، واتە یادکردنەوەی ئەو رۆژە (عید زواج) دیاری دەگۆڕنەوە، لانە دەڵێت «هاوسەرەکەم لە بۆنەی لە دایك بوون و لە رۆژی ٨ مارس واتە رۆژی ئافرەتان دیاریم پێشکەش دەکات، ئەویش بەخۆم بە زۆر فێرم کرد ئەگینا هەرگیز لە خۆوە دیاری بۆم نەدەهێنا، هەروەها منیش بە هەمان شێوە لە رۆژی لە دایك بوونی ئەو دیاری بۆ دەکڕم».

### لە ئەورووپا زۆربایەخ بە ڕۆژی یادکردنەوەی هاوسەرگیری دەدەن

زانیار مەحمود ئەو پیاوێکی خێزاندارە کە ٧ ساڵە ژیانی هاوسەرگیری پێك هێناوە ئەمساڵ لە سوید گەڕاوەتەوە و وتی «لە دەرەوە ژیانم بەسەر بردووە، ئەوان گرنگیەکی زۆر بە رۆژی هاوسەرگیری و یادکردنەوەی دەدەن، ئەگەر هەرگیز بیریان نەبێت دیاری بۆ هاوسەرەکەیان ببەن لەو رۆژە لە شوێنێکی تایبەت بە جلێکی نوێ دیاری پێشکەشی یەکتری دەکەن».

ئەو پیاوە وا هەست دەکات لە ژیانی هاوسەرگیری ژن و پیاوەکانی کۆمەڵگەی ئێمە زۆر جیاوازن لەگەڵ ئەوانەی دەرەوە و دەڵێت «ئەو رۆژە پیرۆزە لای ئەوان و لەبیر ناکرێ، لەو کاتەی لە دەرەوە گەڕاومەتەوە منیش فێربووم پێشکەشکردنی دیاری بۆ هاوسەرەکەم چەندە کاریگەریەکی باشی هەیە لەسەر پێوەندی نێوانمان و خۆشەویستی و سۆز زیندوو دەکاتەوە».

### دیاری پێشکەش کردن بەیەکتر پێوەندی خۆشەویستی زیاتر دەکات

محەمەد سلێمان تەمەنی ٢٣ساڵەو دەڵێت «ماوەی دووساڵە خۆشەویستم هەیە. مانگی جارێك دیاری پێشکەش دەکەم، ئەویش زۆرجار دیاریم پێشکەش دەکات، چونکە پێوەندی خۆشەویستیمان زۆرتر دەبێت.

صەباح عەبدوڵا پیاوێکی تەمەن ٧٠ ساڵە و دوکاندارە و دوو ژنی هێناوە و دەڵێت «ژنی یەکەمم مرد و دیاریم پێشکەش نەکرد هەر بە خەیاڵیشم دا نەهات رۆژێك پارچە قوماشێکی بۆ ببەم، بەڵام دوای ئەوەی ژنی دووەمم هێنا ئەو زیرەك بوو توانی وابکات من دیاری پێشکەش بکەم، خۆی فێری کردم کە هەموو مانگێك دیاری بۆ بکرم، بۆیە پێم باشە ئافرەتان خۆیان لەو بابەتانە دەستپێشخەربن، چونکە لێزانترن ئەوان بۆئەوەی پیاوەکانیان فێربکەن هیوادارم هەموو ئەو گەنجانەی تازە ژیانی هاوسەرگیری پێك دێنن تا بەتەمەندا دەچن دیاری گۆڕینەوە لەبیرنەکەن و وەکو من نەکەن تەمەنی گەنجی بەبێ خۆشەویستیەکی بەتین بەسەر ببەن».

### دیاری پێشکەش کردن و گۆڕینەوەی دیاری لەڕووی ئایینی ئیسلام بەپێویست دانراوە

مامۆستای ئایینی مەلا کاوە فارس دەڵێت «هەندێك رەوشت و کرداری جوانی ئایینی ئیسلام هەیە بەداخەوە ئێمەی موسڵمان جێبەجێی ناکەین، لەڕووی شەرعەوە دیاری پێشکەش کردن و گۆڕینەوەی دیاری لە ئایینی ئیسلام بە پێویست زانراوە تاوەکو لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێت (تهادو تحابو) واتە دیاری پێشکەشی یەکتر بکەن بۆ ئەوەی خۆشەویستی لە نێوانتان زیاتر بێت، بەردەوام زیندووبێت بەتایبەتی لەنێوان هاوسەران، نابێت ئەو خۆشەویستیە لە ناخیان بشارنەوە، پێویستە لە رێگەی پێشکەشکردنی دیاری خۆشەویستی خۆیان بۆ یەکتر دەرببڕن، واتە دروستبوونەوەی ئاشتییە لەناو هەموو خێزانێك».

بەهزاد محەمەد توێژەری کۆمەڵایەتی پێیوایە ئەو بابەتە هێشتا ماوەیەتی لە کۆمەڵگەی ئێمە ببێتە دیاردە، چونکە لەناو هەندێك خێزانی کورد کۆمەڵێك کێشە هەیە کە ئەو بابەتە سۆزیانەی لایەنی ژیان لەناو دەبات وەکو پیاو سالاری ئەمە وای لێدێت پیاوەکە بەردەوام پێشکەشکردنی دیاری بۆ ژنەکەی بە پێویست نەزانێت، ئەو توێژەرە دەڵێت «پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن هەوڵدەن خەڵکی لەو لایەنەی ژیان شارەزا بکەن و رۆشنبیریان بکەن و بەرنامەی تایبەت هەبێت لە کەناڵەکان بۆ ئەوەی هەر دایك و باوکێك کە زانیان گۆڕینەوەی دیاری چەندە مانایەکی پیرۆزی هەیە لە ژیانیان، ئەوکات بۆ منداڵەکانیشیان روون دەبێتەوە و فێردەبن بۆ داهاتوویان».



# حەزکردنی ئافرەتانی

ئا: بەهرە

تاقیگەکانی سۆنەر رۆژانە جمەی دێت لەو ژنە دوو گیانانەی دەیانەوێ زوو نهێنی نێو سکیان بزانن و پزیشکێکی سۆنەریش بەپێی قسەی دکتۆرە ڕوخۆش کەپسپۆری نەخۆشیەکانی ئافرەتانە دەڵێت «ژنان هەر لە یەکەم مانگی سکپڕیانەوە دێن بۆ سۆنەر تا بزانن کۆرپەکەی نێو سکیان کوڕە یان کچ «لە کاتێکدا بە چوار مانگ رەگەزی کۆرپەلە بەهۆی ئامێری سۆنەر دەردەکەوێ». ئامێری سۆنەریش ئامێرێکە جگە لەوەی چەندین حاڵەتی نەخۆشی لەوانەش بوونی بەرد لە گورچیلە و چەند نەخۆشییەکی دیکە دەستنیشان دەکات، لە هەمانکاتدا ئەو دەزگەیە دەتوانێ رەگەزی کۆرپەلەی نێو سکی دایکیش لە مانگەکانی سەرەتای سکپڕییەوە دەستنیشان بکات.

ئەگەرمنداڵەکە دانیشتبێت ئەوکاتە باشتر دەردەکەوێت کچە یان کوڕە

دکتۆرە رووخۆش ئاماژەی بەوەشدا «لەکۆمەڵگەی نەجاتی خێرخوازی، رۆژانە چەندین سۆنەر بۆ ژنان ئەنجام دەدات و شارەزاییەکی باشی لە هەڵسوکەوت و سروشتی ئەو ژنانە پەیدا کردووە کە بۆ سۆنەر کردن سەردانی دەکەن. ئەو پزیشکە دەڵێت «زۆربەی ژنان لەمانگی یەکەمەوە دێن بۆ سۆنەر کردن تا بزانن ئەوەی نێو سکیان کوڕە یان کچە، بەڵام بەپێی پێوەری پزیشکی تا سکەکە نەبێتە چوار



کاتێک
کچ دەچێتە قۆناغی
هاوسەرگیری سکی دەبێت.
زوو حەز دەکات بزانێت منداڵی
یەکەمی کچە یان کوڕە، چونکە یەکەم
منداڵیەتی. هەروەها پسپۆرانی بواری
سۆنەر ئاماژە بەوە دەدەن کە ژنانی سکپڕ
زۆر پەلە دەکەن بۆ سۆنەر کردن و لە مانگی
یەکەمی سکپڕییانەوە سەردانی پزیشکی ئەو
بوارە دەکەن، زۆرجاریش گوشار دەخەنە سەر
پزیشکان کە زوو ئەنجامی سۆنەرەکەیان
بۆ ئاشکرا بکات. سەبارەت بەم
بابەتە بەپێویستمان زانی ڕاو
بۆچوونی چەند کەسانێک
وەربگرین.

# دووگیان بۆ زانینی ڕەگەزی کۆرپەلە

مانگ نازانرێ کوڕە یان کچ، بەڵام جاری وا هەیە ئەگەر منداڵەکە باش دانیشتبێت زووتر لەو کاتە دەردەکەوێت، ڕۆژانە ٢٥ سۆنەر بۆ ئافرەتان دەکەین».

ئافرەت هەیە ئەگەر بزانێت منداڵەکەی ناوسکی کچە ڕەنگە هەوڵ بدات لەباری بچووێنێ، یان گوێ ناداتە تەندروستی کۆرپەکەی

دکتۆرە ڕووخۆش وەك باسی دەکات و دەڵێت «ژنان ئێستا زۆر بەپەلە لە سۆنەر کردن دەکەن، حەز دەکەن هەرچی زووە ئەنجامەکەیان پێ بڵێی، زۆربەیان ئەگەر پێیان بڵێی سکەکەت کچە ڕوویان گرژ دەبێ و پێیان ناخۆش دەبێ». زۆرجار ئەوان ناچار دەبن کە ئەنجامی ڕاست بە ژنەکە نەڵێن «چونکە ئەگەر ڕاستییەکەیان پێ بڵێین بە تایبەتیش ئەوانەی حەز ناکەن کچیان ببێ، تووشی دوو دڵی دەبن، باری دەروونیان دەشڵەژێ، ئەوەش کاریگەری لەسەر کۆرپەلە دەبێ، بەڵام ئەوان بە سۆنەرێك دڵیان ئاو ناخواتەوەو لە چەندین شوێن سۆنەر دەکەن بۆ ئەوەی ئافرەتی دووگیان خەم نەخوات یان دڵ تەنگ نەبێت، ڕەنگە ببێتە هۆی لەبارچوونی منداڵەکە، بەڵام زۆر داوامان لێ دەکەن پێیان بڵێین. بۆ کوڕ واناکات خۆی ڕێکتر دەکات ئەمەش کارێکی زۆر خراپە دەی کەین، بەڵام ئافرەتیش هەبووە هاتووە زۆر حەزی کردووە کچی ببێت».

هەندێکجاریش ئافرەت هەیە هەزار سوێند دەخوات دەڵێن بەخودای ئێمە دڵتەنگ نابین ئەگەر کچ بێت، یان دەڵێن ئێمە لە نەخۆشخانە ناچینە دەرەوە ئەنجامەکەمان نەدەیتێ، یاخود دەڵێیت ئێمە دەزانین سکەکەمان کچە، بەس هەر حەز دەکەین سۆنەر بکەین. کە ڕاستییەکەیان پێ دەڵێی پێی دڵتەنگ دەبن».

هەر چەندە ژنان پتر حەز لە کچ دەکەن، بەڵام ئەو ژنانەی بۆ ئێمە دوان و پسپۆڕانی بواری سۆنەریش ئاماژە بەوە دەدەن، کە ژنانی ئێستا زیاتر حەز دەکەن کوڕیان ببێ نەك کچ

شوکوریە قادر، هەر کاتێك دوو گیان ببێ، ئەگەر بزانێ کۆرپەکەی نێو سکی کوڕە زۆر پێی دڵخۆش دەبێ، بەڵام ئەگەر کچ بێ وا نییە. ئەو ژنە کە ٨ ساڵە شووی کردووەو ئێستا ٣ منداڵی هەیە (٢ کوڕ و ١ کچ) چوار مانگیشە دووگیانە. لەیلا لە یەکەم مانگی دوو گیانییەکەی چووەتە لای دکتۆر بۆ ئەوەی بزانێ منداڵەکەی نێو سکی چییە، بەڵام دکتۆر پێیوتووە بڕۆ دوای چوار مانگی دیکە وەرەوە، ئەو دوای ماوەیەك چاوەڕوانی سۆنەری کردووەو لەبارەی ئەنجامەکەی وتی «ئەگەر دکتۆر بیوتبایە کوڕە لە خۆشیان دەفریم، بەڵام کە وتی کچە زۆر پێی دڵتەنگ بووم، هەرچەندە هاوسەرەکەشم لای ئاساییەو جیاوازی ناکات، تازە چی بکەم خوا داویەتی، دەبێ سوپاسی خوا بکەم و ئێستا یەکسان بوون لەگەڵ کوڕەکان».

ژنان لەبەر پەلە کردن متمانەیان بە پزیشکانی کورد نەماوەو شەڕ لەگەڵ ئامێری سۆنەر دەکەن و حەز دەکەن لە یەکەم ڕۆژی دوو گیان بوونیان بزانن کوڕیان هەڵگرتووە یان کچ. تامان جەمال، کە دوو مانگە دووگیانە و لە نەخۆشخانەی ڕزگاری نۆرەی گرتبوو بۆ سۆنەر کردن، کەوتە گلەیی کردن لە پزیشکی کوردو وتی «تا ئێستا زیاتر لە ٢٠ جار سۆنەرم کردووە دکتۆرەکان دەڵێن جارێ هیچ دیار نییە، بەڵام دکتۆری ئێمە هیچ نازانن، دکتۆری ئەوروپا لە ٢٥ ڕۆژی بۆیان دەردەکەوێت کە کوڕە یان کچە». ئەو ژنە وتیشی «دڵم دەوەستێ تا بزانم کۆرپەکەم کوڕە یان کچ».

زۆربەی ئافرەتان لەبەر دڵی منداڵە تاقانەکانیان دەچن یان بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی منداڵە تازەکانیان

خاتوو سامال محەمەد یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە ١١ ساڵە ژیانی هاوسەری پێك هێناوەو خاوەنی ٢ کچە دەڵێت «لەهەردوو سکم چووم بۆ سۆنەرکردن، یەکەمیان لە ٧ مانگی چووم لەبەر ئەوەی ئەو کاتی وا گرنگی بە سۆنەر نەدەدرا، حەزیشم لێبوو پێم بڵێن کچە، چونکە کچم خۆش دەوێت، بەڵام ژن هەیە لەیەکەم مانگی دووگیانییەکەی سۆنار دەکات و کۆمەڵگەی ئێمە بەگشتی کوڕیان دەوێ زۆربەی ئافرەتەکان دەڵێن لەبەر پیاوەکانیان سۆنەر دەکەن، چونکە ئەوان دەیانەوێ بزانن کوڕە یان کچە».

هاوسەرەکەشم زۆر زۆری پێ خۆش بوو کە کچ بێ، دووەمیش کچ بوو من هەر یەك منداڵم دەویست، کچەکەم هانی دام کە کچی دووەمم ببێ هەر کات چاوی بەمنداڵ دەکەوت دەگریاو دەیگوت منیش برایەك یان خوشکێکم دەوێ، سۆنارەکانی هەولێریش باشن تاقیگەکان عەیبیان نییە».

خاتوو سامالأ دوو گیانەو دەڵێت «کە سۆنارم کرد دکتۆرە وتی سکت هەیە، ئەو کات پێم ناخۆش بوو، چونکە خۆم نەساغ بووم و بەگومان بووم لە ساغی منداڵەکەم دکتۆرەش بۆ دڵنیا بوون زوو زوو دەیناردم بۆ سۆنەرو پشکنین، من وەك خۆم حەزم نەدەکرد سۆنار بکەم، بەڵام دکتۆرە ناردمی لەوە دەترسام سەقەت بێ و نەمدەپرسی کچە یان کوڕە من تەنیا دەمویست بزانم تەواوە یان نا هەر لەبەر کچەکەم پرسیم کوڕە یان کچە ئەو زۆری پێ خۆش بوو خوشکێکی لەگەڵ بێت».

زۆربەی ئافرەتان چێژ لەزانینی نهێنی سکیان وەردەگرن، مەرج نییە لایان کوڕە یان کچە

دەریا ماوەی ٦ ساڵە شووی کردووەو خاوەنی ٢ کوڕە، ئەو دەڵێت «کاتێك دووگیان دەبم دەچم بۆ سۆنارکردن بۆلای دکتۆر، هەردووجاریش سۆنارم ڕاست دەرچووە، دکتۆر پێی وتم کوڕە هەرچەندە حەزم لە کچە بەڵام هەر پێی دڵ خۆش بووم. هاوسەرەکەشم بەلای گرنگ نەبووە چ کوڕ بێ چ کچ بێ، بەڵام هەر دڵ خۆش بووە، چونکە منداڵ خۆشەویستە. سۆنارکردن کردن لای ئێمە هەندێك جار ڕاستە و هەندێ جار بەپێچەوانەوە دەردەچێ، بەڵام زۆربەشیان ڕاستن».



# له مه‌له‌وانگای ژناندا
# کچان له گرته‌ی کامیرا ده‌ترسن

ئا/ ئه‌مه‌ل محه‌مه‌د جه‌لال

سروشـــتی ژیان و ژیانکردن به‌شـێوه‌یه‌که که مرۆڤ پێویستی به‌زۆربه‌ی کایه‌کانی ژیان هه‌یه بۆئه‌وه‌ی به‌شێوه‌یه‌کی ته‌ندروست ئاڕاسته به‌ژیان بـدات و بتوانێت وه‌کو سروشـــتی گشـتی ژیان ئه‌میش بژێت،بێگومـــان ژیانکردن و گرتنه‌به‌ری ڕێگه‌کانیشـــی هه‌روا ئاســان نین و هه‌ندێکجار گرفـت و ڕێگرییه‌کان ده‌بنه له‌مپه‌ڕ له‌به‌رده‌میدا، جاری واهه‌یـه ڕێگرییه‌کان پێوه‌نـدی به‌خودی تاکـــه‌وه هه‌یه و ده‌بێت ئه‌و که‌ســه خۆی بتوانێت به‌هه‌وڵی جددی خۆی به‌ســه‌ریدا زاڵبێت، جاری واش هه‌یه ڕێگرییه‌کان گه‌وره‌ترن و پێویســتی به زه‌مه‌نی مـــه‌ودا درێژتر و قوربانیدانی زیاتر هه‌یه بۆبه‌ده‌ستهێنانی ئامانج.

مه‌له‌وانگه یه‌کێکه له‌و شـــوێنانه‌ی که به‌شێك له پێداویســـتیه جه‌سته‌ییه‌کانی مرۆڤی تیا به‌دی دێت، به‌ڵام هه‌ندێك له گه‌نجه‌کان ده‌ســتیان پێی ڕاده‌گات و ئه‌وانـــی دی که‌متر یان هه‌رنا، له‌ناو ئه‌وانه‌شـــی که ده‌ســتیان پێده‌گات به‌شێکی زۆر که‌میان له ره‌گه‌زی مێینه‌ن که بێگومان ئه‌مه‌ش هۆکار و فاکته‌ری خۆی له‌پشـــته که ناوه‌ڕۆکی ڕێپۆرتاژه‌که به‌شداربووان ئاماژه‌ی پێده‌ده‌ن.

**« زۆربه‌ی مه‌له‌وانگه‌کان کاتی دیاریکراویان هه‌یه بۆ مه‌له‌کردن که وات لێده‌کات به‌ته‌واوه‌تی چێژ له‌مه‌له‌کردن وه‌رنه‌گریت»**

هه‌رکاتێـــك کـــه لادێ و گوندم پێخۆشـــبووه ته‌نیـــا له‌به‌ر ئه‌وه بـــووه که زۆربـــه‌ی کاته‌کانم به‌مه‌له‌کردنه‌وه به‌ســـه‌ر بردووه،ئێستا که نزیکه‌ی ١٠ ســـاڵه له شار ژیان به‌ســـه‌ر ده‌به‌م ماوه‌ی ٣ ســـاڵه به‌رده‌وام ده‌چم بـــۆ مه‌له‌وانگه‌کان، ده‌توانم بڵێم مه‌له‌کردن تـــه‌واو ژیانی منی داگیرکردووه، ئه‌مه وته‌ی نازم عه‌بدوڵڵاغه‌فووری ٣٠ ســـاڵه، هه‌روه‌ها بۆچوونیشـــی وابوو مه‌له‌وانگه یه‌کێکه له پێویســـتیه زۆر سه‌ره‌کیه‌کانی مرۆڤ و ده‌بێت به‌شـــێك بێـــت له‌ژیانی مرۆڤ بـــه‌ڵام به‌داخه‌وه ئه‌وه‌نده‌ی مرۆڤ له چه‌می گونده‌کان به‌ئازادانه مه‌لـــه ده‌کات ئه‌وه‌نده له مه‌له‌وانگـــه‌کان وانییه له‌به‌رئـــه‌وه‌ی رووبه‌ری مه‌له‌کردنه‌کـــه که‌متره و زۆربـــه‌ی مه‌له‌وانگه‌کانیش کاتـــی دیاریکراویان هه‌یه بـــۆ مه‌له‌کردن که واتلێـــده‌کات به‌ته‌واوه‌تی چێژ له‌مه‌له‌کردن وه‌رنه‌گریت و باوه‌ڕیشی وابوو که پێویسته ئافره‌تانیش مه‌له‌وانگه‌ی تایبه‌ت به‌خۆیان هه‌بێت.

**« ده‌ڵێن متمانه‌ت به مه‌له‌وانگه‌کان نه‌بێت نه‌وه‌ك کامێرای نهێنییان دانابێت»**

من وه‌کو کچێکی دانیشتووی ئه‌م شاره هه‌موو هاوینێـــك ده‌چمه مه‌له‌وانگه له‌گه‌ڵ دوو هاوڕێی په‌یمانگه‌مـــدا ئه‌مه وته‌ی تارا قادر براخاس- ی خوێندکاری په‌یمانگه‌ی ته‌کنیکی سلێمانی بوو، وتیشی هه‌رچه‌نده که له‌لای هه‌ندێك له هاوڕێکانم ڕه‌خنـــه‌م لێده‌گرن به‌وه‌ی که ده‌چمـــه مه‌له‌وانگه و ده‌ڵێـــن مه‌له‌وانگـــه ته‌نیا شـــوێنی کوڕانه و به‌جۆرێـــك به عه‌یبه‌ی ده‌زانـــن و ده‌ڵێن متمانه‌ت بـــه مه‌له‌وانگه‌کان نه‌بێت نه‌وه‌ك کامێرای نهێنییان دانابێت و دوایی به‌هۆی بڵاوکردنه‌وه‌یه‌وه له‌ڕێگه‌ی مۆبایل و ئینته‌رنێته‌وه کێشـــه‌ی کۆمه‌ڵایه‌تیت بۆ دروســـتبکه‌ن، هه‌رچه‌نده ئـــه‌م بۆچوونه گومانی لای منیش دروســـتکردبوو بـــه‌ڵام دوای ئه‌وه‌ی

لەلای خاوەنی مەلەوانگەکەوە دڵنیایان کردینەوە کە شتی وانییە، ئیتر ئێمەش بەردەوام بووین لەچوونمان بۆ ئەوێ.

**« دابونەریتی ئێمە ڕێگە بەوەنادات کە کچان بچنە دەرەوە بۆ مەلەکردن»**

فەرهاد عەزیز ڕۆستەم خاوەنی مەلەوانگەی فێنك کە لەمەلەوانگەکەیدا کاتەکان دابەشکراوە بەسەر دوو کاتی جیاوازدا و بەشێکی بۆ کوڕانە و بەشەکەی تریشی بۆ کچانە باوەڕی وابوو کە بوونی مەلەوانگە وەکو بوونی سەرچاوەی ئاو و هەوا وایە لەبەرئەوەی چەندین نەخۆشی مەترسیدارهەیە کەبەهۆی ئەوەی مرۆڤ مەلە ناکات یان وەرزشێکی تر ناکات تووشی دەبێت، جائیتر چی تیایە کە لە هەفتەیەکدا دوو کاتژمێر بۆ مەلەکردن دابنرێت، هەروەها وتیشی بەداخەوە ڕێژەی کچان کە دێن بۆ مەلەکردن وەکو ڕێژەی کوڕان نییە بەپێی ئەو ناوانەی کە لە دەفتەری تۆمارکردنی هاتووەکاندایە کە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە دابونەریتی ئێمە ڕێگە بەوەنادات کە کچان بچنە دەرەوە بۆ مەلەکردن، یان متمانەیان نییە بەوەی کە ئێمە چەندە لە پارێزگاریکردنی متمانەی خۆماندایین و بۆکاتی مەلەکردنی کچانیش ئێمە کارمەندی ژنمان داناوە و هیچ پیاوێکی لێ نییە.

**« لای ئێمە کات و دەوامی مەلەکردنی کچان و کوڕان بەجیایە و هەرگیز کوڕان و کچان یەکتر نابینن»**

زۆر لەکچان تامەزرۆی ئەوە دەکەن کە بچنە مەلەوانگە بۆ مەلەکردن بەڵام زۆر دەترسن لە دەوروبەری خۆیان و لەبراو باوکیان یان لەوە دەترسن کە تۆمەتی نابەجێیان بۆ هەڵبەستن هەرچەندە لەشاری سلێمانی خانەوادەکان زیاتر کراوەترن و بەجۆرێك لەجۆرەکان ئازادانە مامەڵە دەکەن ئەمەوتەی ناسکە ئەحمەد بابەکر بوو کە وەکو کارمەندێکی ژن سەرپەرشتی دەکرد لەیەکێك لەمەلەوانگەکاندا، هەروەها وتیشی کەلای ئێمە کات و دەوامی مەلەکردنی کچان و کوڕان بەجیایە و هەرگیز کوڕان و کچان یەکتر نابینن وە باوەڕیشم نییە کە هیچ مەلەوانگەیەك هەبێت کە هەردوو ڕەگەزەکە بەیەکەوە تیایدا مەلەبکەن بەڵکو جگە لە شوێنی مەلەکردن بۆ گەورەکان شوێنێکی تریش هەیە بۆ منالآن لە هەمانکاتدا.

**« تێکەڵی کور و کچ لە مەلەوانگەکاندا شتێکی باش نییە»**

یەکێك لەوسوودو خزمەتەی کە بەهاوولآتیان دەکرێت بەگشتی و بەتایبەتیش بەگەنجان بوونی مەلەوانگەکانە لەبەرئەوەی ئەمە جگە لەوەی کە خزمەت بەلایەنی جەستەیی مرۆڤ دەکات ئەوا خزمەت بەلایەنی دەروونی گەنجەکانیش دەکات ئەمە لەکاتێکدا موراعاتکردنی لایەنی دەروونی گەنجەکان ئەرکی هەموولایەکە بۆ ئەوەی تووشی لادانی کۆمەڵایەتی نەبن ئەمە وتەی سالح سەلیم نادری تەمەن ٤١ ساڵی فەرمانبەربوو، سەبارەت بەتێکەڵی کوڕ و کچ لە مەلەوانگەکاندا باوەڕی وابوو کەشتێکی باش نییە لەبەرئەوەی لەتێکەڵاوبوونی کوڕوکچ لە خوێندنگەکاندا کێشە دروستدەبێت کە بەتەواوی جەستەی یەکتر نابینن ئەی ئەگەر لە مەلەوانگەکان بە لاشەی یەکتر ئاشنابن.

**« هەرکەسێك بزانێت مەلەکردن چەندە سوودی پێدەگەیەنێت ئەوا هەموو ڕۆژێك مەلەدەکات»**

دکتۆرە مەلەك حوسێن محەمەد وەکو پزیشکێکی گەنج بوونی مەلەکردن بەپێویستییەکی هەمیشەیی ژیانی مرۆڤی دەزانێت و ئەگەر لەحەوزی ماڵەکەی خۆیدا هەفتەی چوارجار مەلە نەکات ئەوا وادەزانێت شتێکی گرنگی لێ ونبووە و دەبێت لە ڕۆژێکی تردا قەرەبووی بکاتەوە، باوەڕیشی وابوو کە گەنجێتی مرۆڤ لە وەرزشکردنیدایە و مەلەکردنیش لەو وەرزشە زۆر باشانەیە بۆ جەستەی مرۆڤ کەهەرکەسێك بزانێت چەندە سوودی پێدەگەیەنێت ئەوا هەموو ڕۆژێك مەلەدەکات، سەبارەت بەوەش کەکچان شەرم دەکەن بچن بۆ مەلەکردن وتی کەدەبێت کچانیش ئەم ڕێگەیە بگرنەبەر بەو مەرجەی بزانن کێشەیان بۆ دروست نابێت، پێموایە کەکچان زیاتر پێویستیان پێیەتی لەبەرئەوەی هەرچۆنێك بێت، پیاووکوڕان زۆربەی کاتەکان لەدەرەوەن و جەستەیان دەجوولێت بەڵام کچان وانین و کەمتر ئەم دەرفەتەیان هەیە.

# منداڵێکی بچکۆلەی بێ دەست لەیادی دامەزراندنی ڕێکخراوی ئەستێرە بەپێیەکانی وێنەی کێشا

ڕێکخراوی ئەستیرەی منداڵان وەك زۆربەی ڕێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی و خێرخوازی ناحکومی ( NGO ) ی دوور لەسیاسەت و قازانج نەویستە، ڕێکەوتی ٤ / ٤ /٢٠٠٤ دامەزراوە .. بە ئامادەبوونی ئەندامان و خانەوادەی هەندێك لە منداڵان ڕێکخراوەکە یادی حەوتەمین ساڵەی دامەزراندنی لەپارکی شەهید سامی عەبدولڕەحمان بەڕێکرد، ئەوەش بەسازکردنی کەشێکی وێنەکیشان بۆ کۆمەڵێك منداڵانی بەهرەمەند بەتایبەتی منداڵە نەخۆشەکان کە زۆربەیان کەم ئەندام و کەم دەرامەتن و بەسەربردنی کاتێکی خۆش بۆیان ، دواتر هەڵواسین و نمایشکردنی بەرهەمەکانیان کەگوزارشتیان لە دیمەنەجوانەکانی کوردستان و ئاشتی و ئازادی ودنیای پاکی بێگەردیان دەکرد بەتایبەتی ئەو منداڵەی کە لە زگماکیدا هەردوو دەستی نییە و ناوی( مورادە )، توانی بەپێیەکانی وێنە بکێشێت و بووە هۆی سەرنج ڕاکێشانی ئامادەبووان.

پاشانیش ستافی ڕێکخراوی ئەستێرە خەڵاتیان بەسەر مناڵەکاندا دابەشکردن..

بەو بۆنەیەوە سەرۆکی ڕێکخراوەکە بەڵێنی دوپاتکردنەوەی خزمەت بەمنداڵانی تازەکردەوە و لە لیدوانێکدا وتی (( پیرۆزبایی لەهەموو منداڵانی کوردستان دەکەم چاوەکانیان ماچ دەکەم و دەستخۆشی لەهەموو هاوکارانم و هەموو ئەو بەڕێزانەی بەخۆبەخشی خزمەتیان بەخشییە منداڵان، لەپزیشکان و راوێژکاران و هەموو ئەوانەی هاوکاری و پشتگیری ڕێکخراوەکەمانیان کردوە، داواکارین لەحکومەت و لایەنە پێوەندارەکان و کۆمپانیاکان و کەسانی دەوڵەمەند زیاتر ئاوڕ لە منداڵانی کوردستان بدەنەوە..))

شایانی باسە ڕێکخراوی ئەستێرە لەماوەی ئەو حەوت ساڵەی تەمەنیدا. تائێستا( ٤٨ ) نەخۆشی لەدەرەوەی هەرێم چارەسەر کردوە ئەمەش لەرێگای ڕێکخراوەکانی خێرخوازی جیهانی وەك پزیشکانی بێ سنوور و دۆستایەتی کوردی کەنەدی و ڕێکخراوی سمایل ئۆبەرەشنی ئەمریکی، جیا لەوەی بەهۆی لیژنەی پزیشکی سەر بە ڕێکخراوی ئەستێرە ئەوەش بەهاوکاری ڕاستەوخۆی فەرمانگەی تەندروستی هەولێرەوە، بەدەیان کەیسی تری لەناوەوەی کوردستان چارەسەرکردوە..

